KONCICC

Koncicc working for Iraq to join the International Criminal Court-ICC

## بۆ دوباره  نەبوونەوەی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە, داوا دەکەین عێراق ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی

٣٨ ساڵ لەمەوپێش رژێمی  بەعس شاری هەڵەبجەو دەوروبەری بە گازی کیمیاوی کیمیاباران کرد, لە ئەنجامی ئەم تاوانە زیاتر لە ٥٠٠٠هاووڵاتی سڤیلی ئەم شارە بوونە قوربانی و نزیك دە هەزاریش بریندار بوون, رۆژ لە دوای رۆژیش ژمارەی قوربانیان لە هەڵکشاندایە بەهۆی مردنی بەردەوامی بریندارەکانەوە.

ئێمە لە یاداوەری ٣٨ ساڵەی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا, لە پێناو دوبارە نەبوونەوەی تاوانی لەم چەشنە لە وڵاتەکەمان, داواکارین عێراق ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی .

ئەگەر ئەم داواکارییەی ئێمە کە ٢١ ساڵە دوبارەی دەکەینەوە ئەگەر جێبەجێ بەکرابایە, ئێستا کەیسی تاوانەکانی سنجار و دوزو شارو شارۆچکەکانی دیکە بە سانایی دەگەیشتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و تاوانەکان بە جینۆساید لە سەر ئاستی جیهانی دەناسێنران, یاخود  هەر رویان نادا, تاوانکارانیش لە سزا رزگاریان نابوو,

بۆیە لەم یادەدا داواکارین:

-بە زوترین کات عێراق پەیماننامەی رۆما واژۆ بکات و پەیوەست بێت بە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتیەوە, پێویستە پەرلەمانتاری کوردستان لە بەغدا بە پشتیوانی ئازادیخوازان و دیموکراسیخوازان کاری جدی بکەن بۆ ئەم مەبەستە.

-دۆسیەی بە ئەندام بوونی عێراق لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ببێتە یەکێك لە خاڵەکانی گفتوگۆی لایەنە کوردستانییەکان لە گەڵ بەغداو هەر لایەنێکی دیکە.

-عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن بکات لە گەلی کورد و تەواوی قوربانیانی تاوانە زەقەکانی " تاوانی جینۆساید, تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی, تاوانی جەنگ" لە کوردستان و تەواوی عێراق و سەرۆك کۆمار لە بڕی وڵاتی بکەری تاوان ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.

-نابێت تاوانبارانی تاوانە مەزنەکان "ئەنفال, هەڵەبجە, بارزانی, فەیلی, ئێزیدی" لە سزا رزگاریان بێت و پێویستە قوربانیان قەرەبووی مادی و مەعنەوی بکرێنەوە, هەر لێبوردنێکی سیاسی لە تاوانی گەورە رەتدەکەینەوە.

-پێویستە دەوڵەتی عێراق قەرەبووی تاوانی جینۆساید و داگیرکاری کوردستان بداتەوە.

## تۆڕی هاوپەیمانی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی- KONCICC

٢٠٢٦-٠٣-١٦